سەرۆک وەزیران جەختیکردەوە لە پێویستی تەواوکردنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و ڕێگاوبان

وەزیران محەمەد شیاع سودانی، جەختی لە پێویستی تەواوکردنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و ڕێگاوبان و قوتابخانە و بنکە تەندروستییەکان لەو ناوچانەی بە ئامانجکراون کردەوە. نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی سەرپەرشتی کۆبوونەوەی تیمی هەوڵی خزمەتگوزاری و ئەندازیاری کرد، بە ئامادەبوونی پارێزگاری بەغداد و سەرکی دەستەی ڕاوێژکاران لە نوسینگەی سەرکی ئەنجومەنی وەزیران. ئاماژەی بە ئەوەشکرد: لە میانی کۆبوونەوەکەدا، باسی تەواوبوونی پڕۆژەکان بە ساڵی 2023 لەکەلێنەوی لەبارەوە کرا، بەپێی ئەو پلانەی پێشوەختە ئامادەکرابوو، هەروەها لێژنەی تەشنایی تەرخانکردنی دارایی بۆ هەر سکتەرێکی خزمەتگوزاری یان وەزارەتێك و هەروەها پێداچوونەوە بە باسی تەواوکردنی پرۆژەکان لە بەغداد و پارێزگاکان کرا. هاوکات سودانی پێداچوونەوەی بە کارەکانی تیمەکە لە ساڵی یەکەمی تەمەنی حکومەتدا کرد، کە تیایدا هەوڵی خزمەتگوزاری و ئەندازیاری، سەرەڕای تەرخانکردنی سنووردار بوو بە تایبەتمەندیەکی جیاوازی کارەکانی، و ئەمەش بووبە هیوایەك بۆ زۆرێك لە دانیشتوانی ناوچە کەم خزمەتکراوەکان و متمانەی نوێ هاوڵاتیان و دڵنیایی بەهێزتر کرد، و هەروەها هاوکاری بە خزمەتکردنی ناوچە هەژارەکان بەرز نرخاند و ستایشی هەموو ئەو کەسانەی کرد کە

بەشدارییان لەم ئەزموونە باڵا یەدا کردووە. سەرکی ئینجومەنی وەزیران جەختیکردەوە: لە گرنگی هەبژاردنی پێشکان کە لەسەر ئەو بنەمایە ئەم تیمە پێکهێنراوە، و لە ئێستادا لە لایەن وەزارەت و پارێزگاکانەوە جێبەجێ دەکرێن، و هەروەك تێئکیدیی لە تەواوکردنی پرۆژە خزمەتگوزاریيەکانی شارەوانی و پرۆژەکانی ڕێگاوبان و قوتابخانە و بنکە تەندروستییەکان لەو ناوچانەی بە ئامانجکراون کردەوە.
سەرۆك وەزیران ڕێنمایی دا ، کە پێویستە لە کاتی جێبەجێکردندا بەیاننامەی ورد ئامادە بکرێت و پشکنینی تاقیگەیی ئینجام بدرێت، بە بەدەستهێنانی تایبەتمەندی پێویست و ستانداردی جێبەجێکردن، هاوکات پابەندبوون بە هەموو تێبینییەکانی لایەنی هاوڕکاری کە نوێنەرایەتی سەندیکای ئەندازیاران دەکات.